

# دەروازەیەک بۆناسینی (سمایلە باشە)ی شاعیر


ئیسماعیل تەنیا


شیعرەکانی کۆکردونەتەوەو لێکۆڵینەوەو
سەربردەی ژیانی بۆ نووسیوە

# دەروازەیەك بۆ ناسینی
# (سمایلە باشە)ی شاعیر

ئیسماعیل تەنیا
شیعرەکانی کۆکردوونەتەوەو
لێکۆڵینەوەو سەربردەی ژیانی بۆ نووسیووە

چاپی یەکەم
ئابی ٢٠٠٠

هەواڵنامەی کتێب

دەروازەیەك بۆ ناسینی: (سمایلە باشە)ی شاعیر

ئیسماعیل تەنیا: شیعرەکانی کۆکردوونەتەوەو لێکۆڵینەوەو سەربردەی ژیانی بۆ نووسیووە

پیت چنین و نەخشەسازی: دەزگای کۆمپیوتەری زادە

تیراژ: ٥٠٠ دانە

چاپی یەکەم: ٢٠٠٠

چاپخانە: چاپخانەی ماردین – هەولێر

ژمارەی سپاردنی بەکتێبخانەی نیشتمانی هەرێم (٢٧٤)ی ساڵی ٢٠٠٠

# بەرایی

خوێنەری هێژا

لای هەموو کەسێك ئاشكرایە، کە زیندوو کردنەوەی کەلەپووری نەتەوایەتیمان ئەرکێکی زۆر پیرۆزە، هەرچەندە ئەم کارە هەوڵدان و گەڕان و پشکنین و شەونخونی دەوێت، بەڵام هیچ کارێکیش بەبێ هەوڵ و ماندوو بوون بۆ کەس مەیسەر نەبووە، نزمی رادەی رۆشنبیری‌و شوێن و کاتی ئەو سەردەمەی کوردستان و تەشەنە کردنی نەخوێندەواری لەنێوەندی چینە جۆر بەجۆرەکانی کۆمەڵی کوردەواریدا، بۆتە هۆی بزر بوونی شوێنەواری هەرە زۆری شاعیرو خێرومەندو ناودارانمان. ئەوەی لێرەدا دەمانەوێت لەسەری بدوێین و بەئێوەی ئاشنا بکەین، مشتێکە لەخەروارێك و... هەڵدانەوەی پەردەی ڕەشی تۆز لێ نیشتووی نەزانینە لەسەر ژیان و ڕەنجی شاعیری میللی دەشتە کاکی بەکاکی‌یەکەی هەولێر... کاتێ خۆی(*) لەرێگای گۆڤاری بەیان و ڕۆژنامەی هاوکاری‌یەوە، زۆر بەکورتی بەئێوەی بەرێزم ناساندووە. شیعرەکانی ئەم شاعیرە لەناو جەرگەی کوردەواریدا هەڵقوڵاوەو ئاشنایەتیان لەگەڵ زۆربەی دانیشتوانی ناوچەی دەشتی هەولێر پەیدا کردووە. لەبەر ئەوەی نەخوێندەوار بووەو دوور لەشارستانیەت و لەگوندا ژیاوە، شیعرەکانیشی بۆن و بەرامەی ژیانی دێهاتی‌و جووتکاریان لێ دێت و بەزمانی سادەی جووتکارێکی نەخوێندەواری ئەم دەشتە داڕێژراوە... شاعیر زۆر وەستاکارانە، توانیوویەتی ژیانی جووتکاری ئەوێ سەردەم نەخشە بکێشی.

بەڕێزان...

دەمەوێ ئەوەشتان پێ بڵێم کە زۆربەی شیعرەکانی شاعیر لەڕووی هونەری شیعرەوە بەتایبەتیش (کێش و سەروا) کەمێك ناتەواو بوون، بەبێ ئەوەی لەڕووی ناوەڕۆکەوە گۆڕانی بەسەردا بێت ئەوەی بۆمان کراوە چاکمان

کردۆتەوە. ئەوانی تریش وەك خۆی جێمان هێشتووە. شیعرەکانی (سمایلە باشە) ڕووبەڕوو لەخۆیم وەرگرتووەو نووسیتمەوە. لەبەر ئەوەی شێوەی ئاخاوتنی شاعیر سەر بەبێچووە دیالێکتی دەشتی هەولێرە، بۆیە لە زۆر شوێندا لەجیاتی (ل) بەکار بێنێ پیتی (ر)ی بەکار هێناوە... زۆر شتی تریش خوێنەر دەتوانی هەستیان پێ بکات.

ئەم بەرهەمە لە ١٩٩٠/١٢/٢٦دا، لە(دەزگای رۆشنبیری و بلاو کردنەوەی کوردی لەبەغدا)دا رەزامەندی چاپکردنی وەرگیراوە بەڵام لەبەر زروفی تایبەت نەتوانراوە چاپ بکرێت.

لەبەر ئەوەی (سمایلە باشە) لەزۆربەی شیعرەکانیدا ناوی (سەعید سەلیم) دەهێنێت کە ئەویش شاعیرێکی میللی گەورەی دەشتی هەولێر بووەو ئەو هاندەری بووە بۆ شیعر ووتن، بەپێویستمان زانی ئەم شاعیرەش بەخوێنەران بناسێنین... بۆیە دەقی ئەو ووتارەی کە لەرۆژنامەی (هاوکاری) ژمارە (٩٤٩)ی ١٩٨٨/١٢/١٥دا بلاومان کردۆتەوە دووبارە لەم نامیلکەیەدا چاپی بکەینەوە.

ئیتر ئێوەو ئەم شاعیرە میللییەو چەپکێك لەشیعرەکانی.

**ئیسماعیل تەنیا**

**ئابی ٢٠٠٠**

* بڕوانە:

١- رۆژنامەی (هاوکاری)، ژمارە (٩٠٨)ی ١٩٨٧/٩/٢٤، دەروازەیەك بۆ ناسینی سمایلە باشە.

٢- گۆڤاری (بەیان)، ژمارە (١٣٩)، کانوونی دووەمی ١٩٨٨، کۆتری کوندەبۆ، ل٨٨.



# کورتەی ژیانی سمایلە باشە

ناوی (ئیسماعیل)ی کوڕی (عەزیز)ی کوڕی (عومەر)ەو لەعەشیرەتی (نۆرمزیار)ە، باوکی شاعیر نیشتەجێی گوندی ( پۆرپیجە ) بوو، بەلام ئەم جووتیارەش وەك هەموو جووتیارێکی بەلەنگازی کوردستان، لەژێر زەبرو زەنگی ئاغا چەوساوەتەوە. ڕۆژێکیان لەگەڵ ئاغای گوندەکەیان دەمەقاڵیان دەبێت، لەئەنجامدا بەناچاری بارو بارکۆڵی تێك دەنێو دەچێتە گوندی (دوکەڵە ). (سمایلە باشە) لەساڵی (١٩٠٧) لەم گوندە لەدایك بووە، باوکیشی هەر لەوێ بۆ دواجار ماڵئاوایی لەژیان کردووە. شاعیر پاش مردنی باوکی، ئەرکی بەخێو کردنی خێزانەکەی کەوتۆتە ئەستۆ، لەبەر کەم دەرامەتیو هەژاری (دوکەڵە) بەجێ دەهێڵن و دەچنە گوندی ( پێبازۆك )و دوو ساڵیش لەوێ دەمێننەوەو ژیانێکی (مەمرەو مەژی)و پڕ لەکۆڵە مەرگی دەبەنە سەر. لەوە بەدواوە ئیتر هەر ئەم گوندو ئەم گوندیان کردووەو پێنج ساڵ لە(گردەسۆر)و ساڵێك لە( بەردە سپی ) دەمێننەوەو (سمایلە باشە)ش هەر لەم گوندە ژن دەهێنێو خێزان پێکەوە دەنێت. پاشان بۆ دواجار گوندی (میرەکانی شێخان ) دەکەنە دوا هەواریان و ئۆقرەی لێ دەگرن. شاعیر لەتەمەنی لاویدا، پاش ئەوەی کە تەنها دوو کچی لەهاوسەرەکەی دەبێت، هاوسەرەکەی کۆچی دوایی دەکات. ئەم ڕووداوە کارێکی تەواو دەکاتە سەر ڕێڕەوی ژیانی شاعیرو بەرەو دونیای سۆفیەتی پەلکێشی دەکات و لەئەنجامی بەهێز بوونی ئەم عەشقە خوداییەدا، دەبێتە دەروێشی (شێخ سەعیدی دێلێژە) بەلام قەت دەف و کەشکۆلی هەڵ نەگرتووەو بەژیانی دەروێشایەتی ڕازی نەبووە. پاش وێران کردنی گوندەکەشیان لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە لە ١٩٨٧/٤/٢١دا تاك و تەنیا دەژیاو لەبەر قسە خۆشیو ڕوح سووکی لەناو خەڵکدا بە(سمایلە باشە) ناسراو بوو. پیاوێکی بەمەشرەف و دیندارو لەخوا ترس بوو، زۆر هێمن و لەسەرخۆ بوو کەڵەگەت و پشتی کەمێك چەماوە بوو، پیری زۆری بۆ هێنا بوو ڕووی لۆچی تێکەوتبوو. تەزبێحێکی سەدو یەك دانەی لەزەیتوون دروست کراوی لەمل ئالاند بوو، زۆر حەزی لەشتی فۆلکلۆری دەکرد. شیرێکی لەدار دروست کراوی هەبوو، خەنجەرێکی داری نەخش کراویشی دەبەر پشتێ بوو. بۆ ئاگر کردنەوەش هەر (بەردەستێ)ی بەکار دەهێنا. باخچەیەکی گەورەی هەبوو. پڕ بوو لەداری بێ بەرو بەردار، شورەیەکی گەورەی بۆ کردبوو. شاعیر نەخوێندەوار بوو یەك

پیتیشی نەدەزانی بنووسیو بخوێنێتەوە. کۆترێکی زۆری هەبوو، خۆی لەدوو هەزار دەدا، لە هەر چوار دەوری باخچەکەی لیسی بۆ دروست کردبوو. لەتەمەنی لاویدا خولیای شیعر دانانی دەکەوێتە سەرو لەم بارەیەوە، خۆی دەڵێ: [من ئیلهامی شیعر دانانم هەبوو، بەڵام لەشاعیری میللی (سەعیدی سەلیم)ی فێرە شیعر دانان بووم و هەتا ئێستاکەش خۆم بەشاگردی ئەو دەزانم]. زەینێکی باشی هەبوو، کاتێك کە شیعرێکی دادەنا هەتا هەتایە لەبیری نەدەچۆوە، شیعری هەیە لەکۆتایی چلەکان وتبووی تامردنیشی هەر لەبەر بوو و دەیتوانی بۆت بڵێتەوە. بۆ ڕێکخستنی شیعریش، بڕگەکانی بەتەزبیح دەژمارد. دەربارەی زۆر بوونی کۆترەکانی دەیووت: (لەسەرەتاوە کۆترێکی تەقڵەبازو کۆترێکی کێویم هەبوو، پاشان بەرە بەرە زۆر بوون تاگەیشتنە ئەو رادەیە). لەشیعرێکیدا، باسی تەمەن و ژمارەی کۆترەکان و شێوەی باخچەکەی دەکات و دەڵێت:-

باخچەکم هەیە چوار دەوری دیوار
مەشەڵڵا جوانە هەنجیرو هەنار
کۆتری تێدایە تەقریب دوو هەزار
لیسم داکوتا قەتار بەقەتار
خۆم پاسەوانم بەلەیل و نەهار
پشیلەو کوندەبۆ بەڕۆژیش مندار
عومرم کامیلە زۆر چوویمە ناو سار.

لەشیعری نیشتمانیو سیاسیشدا کەمتەرخەمی نەکردووە... لەسەرەتای حەفتاکاندا کە شۆڕشی ئەیلول لەوپەڕی بەهێزیدا بوو، ئەمیش بەشیعرە میللییەکانی هانی خەڵکە ڕەش و ڕووتەکەی داوەو پێشمەرگەی لەلا پیرۆز کردوون... بۆ نموونە لەشیعرێکیدا دەڵێت:-

ئەی پێشمەرگەی کوردستان
خۆێسان زەرد کرد لەچەکان
بەڕەشاش و بەهاوان
هەروەك تەیری سەرشاخان
سوێندیان خواردیە بەقورئان
وەردەگرین کوردستان...

هەواڵنامەی کتێب

یان کاتێك دان و ساندن لەنێوان بزووتنەوەی کوردو ڕژێم دەستی پێکرد ئەو بەشیعرێك باسی ئەم کەین و بەین و هاتووچۆ کردنە دەکات:

لەهەولێر ڕاهات عەزیز عەقراوی
بەڕەنگ ئەم دیوومو چەند خۆشە ناوی
خوا تیکی ئەدا دەستوورو باوی...

یان دەڵێ:-

جوون ئادەم بەکۆپتەری
چونکە دەکا ڕابەری
هەرچی ساچمەی لێ ڕادەگری
خوا لە پەنا خۆی بگری

بەڵام بەداخەوە زۆربەی ئەم بابەتە شیعرانەی وون بوون، چونکە لەسایەی ڕژێمی (سەدام)دا نەیدەتوانی بۆ خەڵکی بیڵێ...

لەشیعری وەسف کردندا دەستێکی باڵای هەبوو و، باسی چۆنیەتی چوونە حەج دەکات، هەر لەسەرەتای بەڕێ کەوتنەوە تادەگاتە شاری مەککەو مەدینە، هەمووی بەشیعر هۆنیوەتەوە... (سمایلە باشە) وەك (عەلی بەردەشانی) زۆر بەسەرهاتی بەشیعر هۆنیوەتەوە. دەتوانم بڵێم بەشی هەرە زۆری شیعرەکانی ڕووداو ئامێزە. ماوەیەك، کوندەبۆیەك، بەکۆترەکانی فێر ببوو هەموو شەوێ چەند کۆترێکی دەخوارد، (سمایلە باشە)ش ئارامی لێ هەڵدەگیرێو هانا بۆ (ئەحمەد میرەکانی) دەبات، تاپۆژێکیان هەردووکیان بەجووتە دادەنیشن و (کوندەبۆ)کەش دێت، کاك (ئەحمەد) یەکەو تەقە لێی دەدات، شاعیر دڵی خۆش دەبێت و ئەم شیعرە دادەنێت:

کۆترێکی زۆرم هەبوو نەدەهاتە ژمارە
هەتا دەهات کەم دەبوو لام وابوو چاوو زارە
گوتم دەبێ پشیلە بێ دوژمنی تەیرو تارە
نەمزانی کوندەبۆیە لێم بوویتە (سۆرە دارە)
خزمینە لۆمەم مەکەن زەرەر شتێکی تارە
تەگبیری چ بکەم خوایە پرسم کرد بە موختارە... هتد

شاعیر شیعری ئاینی زۆرە، کە ڕەنگ لە بۆچوون و ڕوانینە ژیان و بارە ئەروونیەکەی دەداتەوە.

لەشیعرێکدا دەڵێت:-

هیمـــەت نیمـــــامی عـــەلی بــــەخۆیی و زولفـــەقاری
ســــاحێبی فــەتح و غــەزا لـــەناو قـــەومی کوفـــاری
دەنگـــی نەعرەتــــەی خۆشـــە وەکــــو ڕەعـــدی بـــەهاری
خوێـن دەڕوا وەکـو ئـاوێ، کـەلاك وەك بــەردو داری... هتــد.

(سمایلـە باشـە) پـاش ڕاپــەڕین دەچێتــەوە گوندەکــەیان، لەڕێکـەوتی ١٩٩٢/٢/١ لەتەمەنی (٨٥) ساڵیدا کۆچی دوایی دەکات و هــەر لەگوندەکـەیان دەنێژرێـت، ئـەم شاعیرە ئەگەر لـەوڵاتێکی ئـەوروپا بووایـە، ئەگـەر هیچ نـەبا دڵنیـام پەیکـەرێکی بۆ دروسـت دەکـرا، چونکـە ئـەوەندەی ئـەو دۆسـتی تـەیرو تـاڵ بـوو، بـڕوا ناکـەم لەکوردستانی خۆماندا یەکێکی وا هەڵکەوێتەوە.

لەووڵاتانی پێشکەوتوودا، مرۆی خێرخوازو تـەیرو تـاڵ و ژینگە دۆست بـەدەیان ڕێکخراوو پارتی جۆر بەجۆر دروست دەکەن لەپێناو پاراستن و مانــەوەی ڕەگـەزی ئاژەڵ و تەیرو تاڵ.

لەووڵاتێکی وەکو ئەمریکادا ڕێکخراوی (ئودیان) هەیە کە ئەرکی سەرەکی پاراستنی باڵندەو تەیرو تاڵەو بنکەکەیان لەشاری (نیۆیۆرك)ە. ئەم ڕێکخراوە زیاتر لـەنیو ملیۆن ئـەندامی هەیـە، لەزۆربـەی هـەرە زۆری باخچـەو داره بـەرزەکانی ســەر شـەقامەکان، بەتەختە لەسەر لق و پۆپەکان هێلانەیان بۆ دروست کردوون.

کەچی لەووڵاتی ئێمەدا، نەك هەر قەدری باڵندە ناگیرێت بەڵکو مرۆڤیش لەپەراوێزی شەڕو شۆڕەکان دەبێتە سووتەمەنی و هیچ حسیبێکی بۆ ناکرێت... سمایلە باشەی ئێمە پاش مردنیشی هەر فەرامۆش کراو کەوتە خانەی لەبیر چوونەوە... ئێستاکەش کە زیاتر لەهەشت ساڵ بەسەر مردنیدا تێدەپەڕێ، گۆڕەکەی هەر بەبێ کێلە.

لێرەدا ئەم کورتە باسـەی من کۆتـایی دێـت، کە زیـاتر لەدەروازەیـەك دەچێت هیوادارم خوێنەران لەڕێگای خوێندنەوەی شیعرەکانەوە زیاتر شارەزای ژیاری ئەم بنیادەمە بن و لەهەڵسەنگاندنی شیعرەکانیشیدا ڕەچاوی قۆناغ و کات و شـوێنی ژیـان و ڕادەی ڕۆشنبیری شاعیر بکەن... بۆ ئـەوەی شیعرە میللییـەکانی ئـەمیش بەدەردی زۆربـەی شاعیرە میللییەکانی تر نەچێت، ئەم هەوڵەمان داو چەند شیعرێکیمان لەدووتوێی ئەم کتێبۆکەیە بەچاپ گەیاند...

# کۆترو کوندەبۆ

کۆترو کوندەبۆ باخ و باخەوان
لاوی تفەنگ چی شازادەی لەکان
هەر ئاوەدان بی خاکی کوردستان
ئەو بەعسەت لۆ بکەم بەدرو زمان
گێم لێ ڕاگرن قەومی بوسرمان
هەر پایەدارن پیاوی کامەران
پیاوی یەك رووم مەردو قارەمان
دوعامان بۆ بکەن عێراق و ئێران
عالی دینن ئەوانەی مەلان
لەدنیاو قیامەت ئەوان شارەزان
خزمەتیان بکەن، توخوا بەقوربان

* * *　　* * *　　* * *

کۆترەکی زۆرم هەبوو نەدەهاتە ژمارە
هەتا دەهات کەم دەبوو لام وابی چاوو زارە
گۆتم دەبی پشیلە بی دوژمنی تەیرو تارە
نەمزانی کوندەبۆیە لێم بوویتە سۆرە دارە
خزمینە لۆمەم مەکەن زەرەر شتێکی تارە
تەگبیری چ بکە خوایە، پرسم کرد بەموختارە
کورەکی زۆر بەجێیە قەدیمە و بنەمارە
نیشی ڕیایی ناکا دۆستی پیاوی هەژارە
خەمی نەبوونی نییە دایم دری بەهارە
دیس داشەی لەبەر ناکا قەدی دەرێی شمشارە
شیرینە دەست و تفەنگی لوولەی دەرێی ڕەشمارە
تەقەی دەکا سەر دەستی بێ جاسوس و چەتارە
ئەگەر خودا حەز بکا لێی دەدا یەکەو جارە
سەردەمەکی دەروێش بوو در بەسۆزو نەحوارە

ئەگەر دەست داتە داسی هەر بەخۆیتی سەرپارە
بەنایەکی زۆر جوانە لە قوڕو لە دیوارە
دیسان پۆڵ پۆڵ ئەوا دێن لۆ ئاو باخی هەژارە
چیا دەری بانیژەیە هەموو حەوشەو حەسارە
بنچینەی بەبەردییە سەری قوڕو دیوارە
مەعلوم ساحێبی دەمری تێک دەچی ئەو ئاسارە
خوایە ڕەحمم پێ بکەی پێم ئەڕێن گاور کارە
هارەی قامیشەرانی شیرنە ئەو دارو بارە
بڕۆنە ئەو باویانە ئەو تری سپی و هارە
بڕۆنە خۆخ و زەردەلوو هەتا ئەگاتن تارە
لەبەر هەنجیری زەردی چەند خڕە ئەو هەنارە
ماشەڵڵا لەو تووانە دەری سپی چنارە
تەعریفی عەردت لۆ بکەم، عەرەدەکەی دێمەکارە
نە جۆگەی دێتە سەری، نە کانی و نە ڕووبارە
ئەوە لەبەر بیرێیە بە دەولك و بە بارە
ئەوەندەی زۆر زەحمەتە باخەوانی ئیختیارە
وەکی حاجی لەقلەقی پەڕاندی پەڕو بارە
دەستەك کیسەو قەنەیە دەستەك عەساو گۆپارە
لەئان خواردن ئازایە پێی دەرێن لێی خەسارە
مردن بەهەندێ نییە پیرە یا هەرزەکارە
دەورەمەندیش هیچ نییە بە فیکرو بەخەیارە
هەر کەسێ دەورەمەند بێ یان مامە یاخود خارە
هەر کەسێکیش فەقیر بێ لەعالەم خینی تارە
چار دەورەی خۆم دەنوارم نە عائیلەو منداڵە
حەقیقەت دنیا ڕۆنە لە پێش چاوم خۆمارە
خوا خالیقەو ڕازیقە خۆی سەبوورو ستارە
ئومەتی محەمەدیم بەخۆی شەفاعەت کارە
ئەعلەت بێ لەشەیتانی سوند دەخۆی سەگی هارە

هەواڵنامەی کتێب

قوربانی مەرقەدان بم ئەی بە حوسن و جەمارە
هیمەت شاهی مەدینەی درم زۆر بریندارە
ئەمن لەژێر کەمەندم ئەوا چارم بێ چارە
بنیادەم دری یەکسە فکری دەکا هەزارە
شەفەی باری چەند خۆشە دەنیشن لەو لیسانە
بەعەزەکی هێلکەی هەیە بەعزەك لەسەر فەرخانە
هەتا دەهات کەم دەبوو خەفەتی زۆر گرانە
گۆتم دەبی پشیلە بی یان وەتانە نیشانە
نەمزانی کوندەبۆیە حیزی هەموو تەیرانە
چنگی دەرێی پرینگە دەندوکی بەکەوانە
دوو گوێی قیتی پێوەیە حەقیقەت چاوی جوانە
سەری دەرێی تۆیزە بەشاپەرو دامانە
بوویتە گورگی هۆتەنی کۆتری دەکا داغانە
سونال کردن سونەتە پرسم کرد بەخزمانە
گۆتم ئەری لاوی کورد لەشازادەی لەکانە
گۆتم تەگبیری چیە؟ گۆتی بەسەر چاوانە
گۆتم هیچ چارەی هەیە؟ گۆتی لەلام ئاسانە
پشت و پشدێنی چاك کرد خۆی ڕێسك دەخست کوردانە
دەستی دایە ساچمەی ڕەش دەتگۆت هاوانە
دوو بەدوو لێی دانیشتین لەخانووی کۆتر بانە
چونکی ئەجەلی هاتبوو لەوێ خۆیدا نیشانە
هەر خۆش بی مەلا زادە خوا بتداتێ مرادە
ئیشی ڕیایی ناکا دۆستی پیاوی کەسادە
خەمی نەبوونی نیە دایم دری گوشادە
دەرکەی هۆدەی هەمیشە وەی کرد چەپەری لادا
ئەی ئافەرین کوڕی کورد، ئەی لاوی بەدەست و برد
ڕاپەڕی و یەك تەقەی کرد، ئەو دوژمنەی لەناو برد
عالەم هەموو پێی خۆش بوو ئەمنیش ئیسراحەتم کرد

# چوون بۆ حەج

قوشتە پە ناحیە هەولێر لیوایە
پاسە پۆرت بڕا ئیشم نەمایە
قافرە بەڕێ کەوت بەرەو دوایە
بکەم زیارەتی غەوسی بەغدایە
مەدینە خۆشە ، دەوری چیایە
ماشەڵڵا جوانە !! تاق و بینایە
عاقرم تەحەرەو سەرم سوڕمایە
بکەم زیارەتی ڕەسولەڵڵایە
هیمەتم بۆ بکەن چار خولەفایە
ئیمامی هەمزە و چەند شوهەدایە
سەد حەمەد و سەنا نە کافرم نە جووم
یا ڕەسولەڵڵا من ئومەتی تووم
عومرم کامیلە بەناو ساردا چووم
ئەو کەس خوا گیری ببێ بە عەدووم
پیرو هەرزەکار ، بێ گوناح و مەعسووم
ئەوەڵ ئیفتیدا ، (تەواف) ل قەدوم
لەبن ئیحراما کە سپییە وەك مەیت
حەفت جار دەسوڕێ لەدەوری بەیت
سەر کۆت و پێ خواس دەسوڕێتەوە
هەر هاوار دەکاو دەپاڕێتەوە"
بۆ سەفاو مەروا ئەوسەر ئەوسەرە
بەردی مەڕەبە دەرێ گەوهەرە
تاق و بینایە دانیم سنیەرە
کەس بەکەس نییە دەرێ مەحشەرە
هەموو پێ خواس و بەبێ مێزەرە
بە گورگە لۆقە دەکا هەروەلە
گوناح دەڕواتن وەکو دوکەرە

هەوالنامەی کتێب

جێگەی ئیسماعیل کوڕی ئاجەرە
زم زم دەر بووە دەڕێی کەوسەرە
( حەجەرول ئەسوەد ) لەبەیتی گەورە
ئیبراهیم خەلیل باوکی ئیسماعیل
یا ڕەسولەڵڵا هەر خۆتی دەلیل
ڕوح بەبەدەنی نابیتن قابیل
شفاعەت بکەی بۆ بەندەی زەلیل
کوا شێرو پرینگ ، کەرکەدەن و فیل؟!
مەنتیقە جوانە چەند خۆشە وەتەن
باوکی ساداتە حوسێن و حەسەن
ئیمامی عەلی حەزرەت فاتیمە
هیمەتم لێ بکەن ، خۆ من چنیمە
تەنیا خۆم ماوم ، مسردی و زندیمە
بە تیپ و سوپا بەچی دەنازی
خوا ناسین چاکە لۆ سەرفرازی
دەچیە عەرەفە هەزار بە هەزار
هەر قوم و شاخە بنارو بنار
حاجی سپی دەچی وەك بەفری نزار
چی لەدەست دێتن عەبدی گوناحکار
بۆ ( مزدەلیفە ) هەگرە وورده بەرد
شەیتان ڕەجم کە بە درەکی بێبەر
سبەی جێژنەیە ، جێژنی قوربانە
شەیتان ڕەجم کە ساحێب ئیمانە
تەکسی حازرە بچۆ لۆ مەککە
نوێژ و تەواف هەردووکیان بکە
وەرەوە مینا مزگەوتی ( خیفە )
ماشەڵڵا جوانە پاك و نەزیفە !
لەناو ئەو قومە جادە ڕەئیسی
کەس بەرکەس نیە لەچی دەپرسی

کەلاك کەتی‌یە بێ موو بێ خوری
نیسعاف دەگەڕێ مەیت هەگری
کۆپتەر دەگەڕێ ڕەسم دەگری
ئەجەلی نێتن بەخوای نامری
هیچ ڕامەوەستە شەیتان ڕەجم کە
نیشت کۆتاکە بچۆ لۆ مەککە
ئەگەر دەتوانی هەر عومرە بینە
توافی ئاخیر بۆ لای مەدینە
هیچ ڕامەوەستە بچۆ بۆ ڕۆژە
بکە زیارەتی مەرقەدی سەوزە
بەمکەبیرە و بە بانگ و سەرا
واجب و سونەت کە ، هیچ غەمت نەما
جیگەی مرازە ، مەککە و مەدینە
لیرە کیستانە ، لەوێ هاوینە
ماشەڵلا جوانە ، ئەو کۆترە شینە !!
مەککە و مەدینە خاسی ئیسلامە
هەرچی کافر بێ ئەوێ حەرامە
قافرە بەڕێ کەت ، ئەو شار بۆ ئەو شار
بۆ سیلەی ڕوحم بۆ مار و مندار
ڕوحم پێ بکەی نەبێ شەرمەزار
دنیا هەر پێك دێ سەیران و سوحبەت
جەهەنەم سەختە ، چەند خۆشە جەننەت
کاتت بەسەرچوو بۆ ئاگری عیبرەت ؟!
قەسەم بەو خوایە ناردیتی قورئان
بەو پێغەمبەرەی بۆمەی کرد بەیان
دەردی مردنی هیچ ئاگرێ دەرمان
ئاگات لەخۆ بێ ، ئامان سەد ئامان
بەجێ دەمێنی ، سەروەت و سامان

# بۆیەی کەندار زیندان

بۆیەی کەندار زیندانی ، دەرێی شێرە لەلانی
سووندی دەخۆی هەڵۆیە ، دێتە سەر کوردستانی
کۆتری داغان کرد ، لە لیس و لەناو خانی
خوایە ڕەحمم پێ بکەی ، ساحێب عەردو ئاسمانی
دوومین بەر محەمەدی ، سەیدی ئاخر زەمانی
شەوو ڕۆژ دوعام دەکرد ، ئەوەی بەندە بیزانی
خۆی لێ هەر کرد مەردانە ، ( حەمەدی ڕەمەزانی )
تەقدیر تووشی یەك دەبوون ، وەك دێوو پارەوانی
بەتەما بوو بیکوژێ ، چروکی کرد شەش خانی
هەزار فێری دەزانی ، وەك فەندی ئەرەمانی
بەخۆی دوو تەرەی هەبوو ، چووە مارە جیرانی
وەری گرت دوو کەوانی ، داینساوە لەسەر خانی
لەلای وی بی دەعوەتە ، بێ عەقل بوو نەیزانی
بە تەما بوو بیخوات ، کۆتر بوو بە سندانی
کاتەکی تەرە تەقی ، گرتبووی قاپ و ڕانی
بە تەما بوو بفڕێ ، کەوتە حەوشەو کۆرانی
سەری باریان قوت دەکرد ، دوژمنی بەستە زمانی
ئەو وەختە گیرا شەو بوو ، ماوە هەتا بەیانی
عالەمی لێ خڕ بووە ، پۆڕیجە و میرەکانی
سوێندت دەخوارد فلیمە ، هی فرێری و عەدنانی
کەتە دەست موعەلیمان ، هەتا هەولێریش زانی
هەر بژی کوڕی ئازا ، تەرەی چەندە لەترازە
تەرەی یەکسەر دەتەقی ، گرتی شەهێن و بازە
حیزی هەموو تەیرانە ، لەڕاست کۆتران بەرازە
پێشان یەك بوو بوونە دوو ، لە کۆتران بوونە عەدوو
دەبا هەموو بزانین ، ئەوەهای لێ دێتن بەدخو.

# هانا

( ١ )

هانام بە بەر تۆ خوایە ، داتناوە دنیاو دینە
دوومین بە بەر پێغەمبەر ، شاهی مەککە و مەدینە
نەعلەت بی لەشەیتانی ، چەند کافر و لەعینە
ئەو شیعرە دەخوێنمەوە ، گوێتان لێ بێ خزمینە
قسە لە زاهیر دەکەم ، چاوی باتینم نینە
ئاسمان بێ کۆڵەگەیە ، دنیاش پان و بەرینە
هەندەك عەردی ئەمواره ، هەندەك کێوو حەمرینە
هەندەك زورگ و تەلانە ، هەندەك شاخ و سەفینە
میومو تەعام چ زۆره ، سەری هەمووان هەنگینە
دانەوێڕمو سەوزەوات ، جیشتاق وەك گەنم نینە
حەیاتی کوللی ( ذي روح ) ، ئاوی بیر و کانینە
دەعباو دورندەو عەشیا ، هەمووی عەبدی ڕەبینە
بەعسی ئەوانەت لۆ بکەم ، ئەوەی کە ئادەمینە
سەنایع گەلێك زۆره ، پێ یان دەرێن مەکینە
ئەستێ و بەردیش کەم بووه ، بوویتە چەرخی بەنزینە
عالەم گەلەك مەجبووره ، لۆ سپی بەرگ شینە
لە گڕەی پەلەمیزی ، قۆریان فەخفوورینە
برۆننە تاقمەی پیاران ، ئی گور سۆر و گور شینە
بەعزەك پیارەی تەخلیتە ، قۆریان قەلائینە
دایم گرپەی سۆبەی دێ ، ئەوانە موشتەرینە
ئەگەر نۆ پیاران بخوا ، باوڕ کە هەر خورینە
قەت دوو ڕۆژێ پێ ناچی ، دەبیتە نی یە و بینە
مەعلومە پێکی دینن ، خوا ڕەبول عالەمینە
بەعزەك ساحێب سەروەتە ، بەعزەك ڕووت و برسینە

هەوڵنامەی کتێب

بەعزەکی موناسیبیە ، بەعزەك نەمر و نەژینە
بەندە خەمی لۆ بخوا ، خالیق بەخۆی زامینە
هانام بە بەر تۆ خوایە ، ساحێبی هەموو وورات
دوومین بە بەر پێغەمبەر ، هاوار سەیدی سادات
نەعلەت بی لە شەیتانی ، هێشتا مایە بەحەیات
خوایە رەحممان پێ بکەی ، لەدونیا و لەقیامەت
خوا عافووی کا ( مام سەعید ) لۆ من بوویتە قەرات
بەعزەك سەرفترەی نادات ، مانع دەبن لە زەکات
ئەوانە دەچنە حەجێ ، لە حاجیان بووینە نەگبەت
لە چ تاریخان نەبووە ، تەرزە کێوی عەرەفات
کەفاراتی گوناحان ، بەنسیبمان بێ جەنەت
خوایە لە من قبوڵ کەی ، دەکەم شیعر و موناجات

( ٢ )

نە عەبدەکی عالم ، نە زۆر زان و هەرەسوو
عەبدەکی شێت و وەحشی ، خێرکی پێم دەرێن دەلوو
گەورەیی لۆ خۆت چاکە ، هەر بەخۆت ناکەی سەهوو
مانگ و ڕۆژی خەلق کرد ، ڕۆژ بە ڕۆژ لەبەرگی نوو
شەوقی دەدا دنیایێ ، ئەوەندەی مەقسوودی بوو
ئەستێرە لە ئاسمانان ، کۆمەریان کرد پێروو
لەشەوقی گەلاوێژی ، چەند بە نەقشە تەرازوو
بڕۆننە حەفتەوانە ، ئاوا بوو گەروو
ماشەڵڵا لەبەر ( جدی ) ، بەرامبەری ماری تو
بابادەم و داك حەوا ، وەك ئەوانە زاهیر بوو
داك و بابی بەشەری ، هی ئیسلام ، کافرو جوو
ئەو شەیتانی نەعلەتی ، لە پێش ئەوانیش هەبوو
ئومەتی فەخری عالەم ، شەیتان لەمە بووە عەدوو

لەفاس[illegible] بۆ عالەمە ، کەس نەیدیتیە بە[illegible] ڕوو
هەیە[illegible] بە[illegible] ئیسمری [illegible] ، ئەوە مەزاری خەضرا بوو
دنیا[illegible] هەر خەضرا دەبێ ، نازانم درەنگ و زوو
واحید بە خۆی حاکمە ، فەخری عالەم قازی بوو
خێرو شەڕ تیا بەش دەکرێ ، بە میزان و تەرازوو
خۆزگەم بەو کەسانە بێ ، ئەبەد کەسیان لێ نەبوو

( ٣ )

هانام بە بەر تۆ خوایە ، یاللا یا پاشای قەهار
دووەمین بە بەر پێغەمبەر ، هاوار سەیدی موختار
ئەعلەت بێ لە شەیتانی ، لەگەڵ چەند قەومی کوفار
دەگەڕێ لەو دونیایە ، لەمیسالی سەگی هار
پێمان دەکا واس وواس ، دردەکا فکر و خەیار
غەیبەت گەلەك زۆر دەکرێ ، لەسێبەر و بن دیوار
عالەم تەماح کارە بووە ، ئەوی بەبارو بێ بار
خێر و حەسەنات کەم بووە ، دڕ ڕەقە وەك بەرد و دار
هەر خوا بە خۆی عالمە ، لەبەر خشپەی مشك و مار
لەبەر خاتری پیاو چاکان ، خرا پێ نەکرد بەیەکجار
سەنایع بەدەرکەتیە ، خالق هەر تۆی لەقەرار
برنۆیان مەقبول کردیە ، بوویتە چە پرەك جامبێزار
برۆننە تفەنگە شینکەی ، مامز کوژی بەچەتار
لەبەر دەمانچەی پۆلیس ، ڕەغبەتی نەما سوار
نەمایە کەیف و سەیران ، نەمایە ڕاوو شکار
نەمایە کۆڕی هەسپان ، گارە گاری خزمەتکار
عالەم تێگەیشتییە ، کەس تێك ناگرێ بەردو دار
دوو زەلام کیفایەتە ، بەوان دەرێن نۆبەتدار
چاوەش و دۆرو زورنا ، بۆ خۆیان بچنەوە مار

هۆڵنامەی کتێب

ڕابوورد ڕەشەمە و گانوون ، گەیتنە مارت و ئادار
دەیکردە باوو باران ، هەری دەکردە شەمار
نەعرەتەی ڕەعدی بنەهار ، ومراندی بەری بەردار
چەند کەندو جۆگە هەیە ، هەمووی دەبووە زێ و ڕووبار
لەعالەمی سەغرتی دەبووە چووڕە و هەساوار
چەندان گوندی کاول کرد ، چەندی بردن خانی و مبار
هیچ زەخیرەیەك نەما ، تا قیسی ئارد و ساوار
هیچ سوکنەیان نەمابوو هەم عیجزو گرفتار
خودا بەخۆی زامینە ، پیر دەکاتە هەرزەکار
ئەمن بە خۆم نەمدیتبوو ، ئۆبار بەملی گۆتیار
گۆتیان کەلاك چەند زۆر بوو ، هی بارگینی بە هەوسار
سیرو هۆڕی داراشان ، قیرو هۆڕی قەل و دار
ڕکێب کەتتە سەر عەرەدی ، زۆر بوونە کەونە سوار
چەندی دەغرو دان دەبرد ، وەرد و شۆ بوونە بەیار
کەرەستەی جۆتی برد بوو ، چەند هەوجاڕ و کارویار
چەند جادە و شەقام هەیە ، هەمووی ببوونە کەندار
چەند دارو پنچك هەیە ، دەرهات لە بنج و ڕیشار
عالەمی لێ قڕ بووە ، تا قیسی ژن و منداڵ
وەکی کاروانی شەغرەی ، دەیان هێناوە بەبار
هەموویان سەنگەر کردبوو ، هەر وەکی حەوشەو حەسار
تانۆکی منیشی برد ، کەس نامکاتن ڕەفتە بار
خۆ من دەعوای هیچ ناکەم ، هەر خۆرم بۆ بدەنە پار
دەزانن لە گەرکێمە ؟! هی تولازو هەرزەکار
کەس شتی وەهای نەدیتبوو ، نە جاحێڵ و نە ئەختیار
یا سەبور و یا ستار ، یا واحید و یا قەهار
لەڕۆژی حەشر و حیساب ، ئەوها بمانکەی قوتار

# سەر ڕەشی مل شین

ناحیە خۆشستەیە ، دێم میرکلانە
ڕاستت پێ بڕێنم ، جێگای شێخانە
کاتب و شاعیر ، هەر لەو مەکانە
عەبدوڵلا سمایل ، ئەسل شێروانە
کاتب شێروان و شاعیر نۆرمزیار
عومەرم کلمیلە ، زۆر چوویمە ناو سار
لە دەوری حەفتا ، ئەبوویمە سەد سار
باخچەکم هەیە چوار دەوری دیوار
مەشەڵلا جوانە ، هەنجیر و هەنار
کۆتری تێدایە ، قەریب دوو هەزار
لێسم داکوتا ، قەتار بە قەتار
خۆم پاسەوانم ، بە لەیل و نەهار
پشیلە و کوندەبۆ ، بە ڕۆژیش مندار
ڕەحمم پێ بکەی ، سەبوور و ستار
دوعا بمبۆ یەکسە پێی بڕێن نامین
پایز و زستان ، بەهار و هاوین
بۆچی وا دەکا ، سەر ڕەشەی مل شین
هەمووی هێلکەیە ، فەرخۆکەی ساوا
گوڕە گوڕی بەرد کۆتر براوە
من بە لەقە لەق ، بە خاوە خاوە
هەتا من دەچم ، مندار نەماوە
تاوێک برسیمە ، تاوێکی تێرم

هەواڵنامەی کتێب

بێ دەسەراتم ، پێیان ناوێرم
بۆ داك و بابیان ڕەحمەت بنێرم
وەك گەلە گورگ دێن بە سەریەستی
مووی ناوچەوانیان ، گیسکە دابەستی
دەش پارێمەوە ، هەر ڕاناوەستی
کورە سەرڕەشی ، مل شین بەبێ خێر
هەر دەرێی گۆلکی ، گۆلکی پیرە چێر
داکی بانگ دەکا ، وەرە بەچکە شێر
- ڕۆڵەکەی ئازا هەی تازە لاوە
داکت بە قوربان ئەو هەردوو چاوە
چاکەت سارد بووە ، تەباخ کوژاوە
+ من یاری دەکەم سەیران و سوحبەت
بە تەما نیمە پێم بێژن ڕەحمەت
- قوربانت دەبم لاوی لە لاوێ
هەر دەرێی سۆنەی لە دیار گۆلاوێ
توو باوکت خۆش بێ ، ڕەحمەتم ناوێ
ئەڵلا هو ئەکبەر ، ئەڵلا هو ئەکبەر
ئومەتی تۆمە هاوار پێغەمبەر
بە لەیل و نەهار ، بەشەمس و قەمەر
ویسەتی بردم گودیلە بەسەر
گۆریە و قۆندەرە کراس و فانیلە
وەك گیسکە نێرە لەسەر قەندیلە
ڕوومەت خڕو پڕ نێرە پشیلە
بۆچی وا دەکەی ، هەی سەر کودیلە
قۆپچەی چاکەتی سپی سەدەفە

هەر هەرپەڕینە ، هەرگاڵتە و گەپە
هەر هەرپەڕینە ، کۆڕان کۆڕانە
من یاری دەکەم کێلە بەردانە
من هەقم چییە لەگەر کۆترانە
قەرەمی دەستی قەرەمم پەندانە
دایم بریقەی دێ لەسەر گیرفانە
مامۆستا دەرێ ، دەرست ڕەوانە ؟
هەر سەعی دەکەم ها بەو قورئانە



# دار هێنان لە دێدەوان[1]

هانام بە بەر تۆ خوایە ، ساحێب عەردو ئاسمانی
دوومین بە بەر پێغەمبەر ، سەیدی ئاخر زەمانی
ئەمن شوانە وێرەمە قەت نەمکردیە سەپانی
بەعزە کەس تێرەنگێون ، دەشێرنەوە کەوانی
هەموو بوختانێ دەکەن ، بە( سمایل میرەکانی )[2]
دزی و حیزیم پێ ئاکرێ ، هەموو عالەم دەزانی
پێم ئاکرێ بەشەو بڕۆم ، ئیلا پاشی بەیانی
کەرێ شینم پێچاوە ، بە گوریس و کورتانی
تەگبیرم کرد چبکەم ؟! بچمەوە دێدەوانی
ڕەبی خودا ئاوای کا ، لەگەر پوش و پاوانی
کفر و دار ڕاوەستایە ، وەك چەمی ئاغوڵانی
ئەغرەب لووس و بێ گرێ ، شلك وەك حەیزەرانی
دوو باریشم کۆلکە کرد ، دامنا لە قەبرستانی
بەرەکەت کا کەرێ شێن ، خۆی هەردەدا هێستڕانی
دوورمان کەی لە بەرایان ، هەم لە لوتفی شەیتانی
بەینی مەغریب و عیشا ، هاتمەوە بەئاسانی
مندار خەبەریان دامێ ، هات پێنج ماری بارزانی[3]
محەمەد و تەها و تاژدین ، لەگەر زیاب و خانی

هەواڵنامەی کتێب

١- ئەم شیعرەی لەسالانی ١٩٤٧-١٩٤٨ داناوە.
٢- شاعیر مەبەستی خۆیەتی.
٣- سالی ١٩٤٧ کە کۆماری مەهاباد تێك چوو، حکومەتی ئەوسای عێراق بارزانییەکانیان ئاوارەی دەشتی هەولێر کرد.

حکومەت تەبریەی کردن ، لەگەر فەیسەلی سانی
ئوسولی حکومەت وەیە ، مەنفی بن لە مەکانی
لەووراتی پەرت بووینە ، لێرە هەتا تەرجانی
ئەوەندە زۆر زەحمەتە نەیانکردیە سەپانی
حەزیان لەجێگەی وایە ، بەدەراوو بەکانی
مێوەو تەعامی زۆر بێ ، لەگەر باخچە و بیستانی
خوایە ڕەحمەکی بکەی ، بێتە هاتی و هەرزانی
بۆ خاتری فەقیران ، خوا حافیز بێ گرانی
خوا عافوی کا شێخ ڕەزا لەگەر شیعر و دانانی
هەر شیعرەکی دانابێ ، قیمەتی سەد قڕانی
هەر کەسەکی تێبگا ، وەحش نەبێ و بزانی
هەم شاعیر و شوعەرا ، ئەو عەلی بەردەشانی
گۆتیان مەقامی گۆتیە ، لۆ ئەجندەو ئینسانی
پیاوەکی دنیایییە ، بەبیەتی کوڕانی
(سەعید)یش زۆر وەستایە ، بڕا دەڕوا بە گۆچانی
ئەویش خەراتی خوایە ، کەفارەی گوناحانی.

# لەبەر حوکمی دەبابە

لەبەر حوکمی دەبابەی ، لەسەر عەرەدی ناهەموار

گرە گرِی لۆریان ، بەوان دەکرێ گرێ و بار

قەمەرە لەسەر جادەی ، تەیارە دەفرِی بەبار

هۆرنی چەندە خۆشە ، لەسکەی دەروا ڤیتار

ئاشخانە و ئوتێل زۆرە ، بوویتە عەییە میوانـدار

چایەخانە ئیش دەکا ، دە فلووسە بە ژمار

شاگرد وا راوەستایە ، وەکو خوێزمو خزمەتکار

دەنگ و هاوار و سەدا ، هەر سندوقە ئاسن و دار

لەحیکمەتی رادیۆنی ، ئەخباراتی شار بە شار

سینەما بۆ سەیرانێ ، هەر ئەکسە بۆش و بەتار

قەسر و بینا زۆر بووینە ، پارەیان لێکرا خەسار

لەشەوقی ئەلەکتریکان ، بێ دووکەر و بێ بوخار

لەبەر مەکینەی ئاردی ، رێك دێخن ئیتفاقی مار

لە گرو هۆرِی دەراسەی ، لۆ کەم کەس دەگری قەرار

گاوو دان تەقسیم دەکا ، بە خۆم ئەمدیتیە چ جار

مەکینەی دورنە و جۆتی ، رایدەکێشن بە دەوار

واریداتی فەلاحی ، وەختا و وەختە و سارە و سار

زەکاتی شەرحی نادەن ، بمرن فەقیر و هەژار

دەرێن خەتای ئاغایە ، وەردەگری لە بیستی چار

لەو دنیا بەعس نییە ، لە قیامەتێ شەرمەزار

چەند ئایەتی لەسەرە ، بەعس کەن مەلای نازدار

مۆدیان کردتە عادەت ، لەگەر شەراب و قومار

کەوێ و سەڵتە کەم بووە ، بوویتە کورتەك و شەروار
چەقۆ و گیزان نەمایە ، بوویتە موسی گاور مار
لۆ پیاوی زەنگین باشە . نەنگۆ لۆ شوان و جوتیار ؟!
کەم کەس بەخێر دەتراشی ، بەبێ چایەی سەماوەر
هی وەکی من چیبکا ، پیاوی بێ ئیختیدار
سەر و قەرەم و ڕدێن ، هەموو بوویتە کەوی سار
مەجبور ملی دەردێنم ، بە موکێش و بە چەنگار
ئەوانە قۆر شکێنن ، مام چەرچی و کاکی بەقار
هیچ ئینسافیان نەمایە ، لە ڕاست پیاوی هەژار
عالەم گەلەك موحتاجە ، لۆیە خۆی دەکا قەردار
دز و ڕێگر نەوانەن ، نەوەکانی دوکاندار
( حەمەدەمین چەتۆ)ی نارێنم ، پیاوی چاك و بەکەمال
ئیمانی سەلامەت بێ ، خوا بیداتێ کوڕ و مار
چ ئیشم بەوی نەبووە ، تا بۆی ببم شەرمەزار
یارەبی گەلەك بژی ، هەتا دەروا بە گۆپار
یارەب ببیتە حاجی ، ئەگەر هەیبی ئیختیدار

# بەشەر هەندە بێ هۆشی

بەشەر هەندە بێ هۆشی خۆت بە عیلمان دەفرۆشی
قسەی مەکە لە بۆشی پێی نەاوی تار و ترشی
مەجریس بە کەیف خۆشی ، ئەتو عەبدی سوبحانی
ئومەتی محەمەدی ، سەیدی ئاخر زەمانی
ئەسل شوانە وێرە بووی ، لە کن بزن و حەیوانی
هەر حەمد و سەنا بکە ، لە بۆ زەوقی دیوانی
وەکو تیغی دەبانی ، مەوەستە لە کالانی
ئەعلەت کە لە شەیتانی ئەی سمایل میرەکانی
هەر شاگردی سەعیدی ، سەد هەندەی دی بزانی
سەعیدی دۆرە بەکرە ، ئەو لە تو شاعیر ترە
قسەو گفتی شەکرە ، چەند دانایە و بەفکرە
چەند بەفکر و زانایە ، هەم شاعیر ، شوعەرایە
لە نەسحەتان مەلایە ، بەلام دەورەی لێدایە
دەکا شیعر و موناجات لێمان قبورکا خوایە
ئەرێن کابرای بۆرەکە ، بز گور پینە پینەیە
ئەو قسانەی من دەیکەم ، باوەڕکەن هەمووی وەیە
شاعیری تەواو نیمە ، ئەگەر بشکەم وەقفەیە
توخوا خێرتان دەگاتێ ، گێ بدەنە ئەو لیستەیە
بەبێ جۆگە و بێ ڕوویار ، لە پێش ماریان باخچەیە
دار و درەخت و تەعام ، لام وایە شەقراوەیە
تەوور و سرق و چەوەندەر ، دوژمنم سوانلوکەیە
عەردەکەی ناهەموارە ، هەمووی چیلە چیلەیە
بە هەیوان و بەهۆدە ، خانیمان پێنج نمرەیە

هەوالنامەی کتێب

هەمووی بە مۆزە دەکەم ، وەکو پەڕەسێلکەیە
شەقرە و کاریتە کەمە ، قەمیش وەکو پەنجەیە
دەرکەی لەوحیشمان کەمە ، ئاغرەبی تەنەکەیە
لەبەر دەنگی لاڕێشمەی ، زیڕەی وەك قەمتەرەیە
لەبەر قوڕف و کلیلی ، وەك سەعاتی چارمەیە
بەنزین و شخاتەیە ، قەمیش ئەبو نەجمەیە
ئەو قەلنە کێ دایتییە من ؟ سەعید دۆرەبەکرەیە
بە ئەختیاری مامەیە ، بادارە شەپرزەیە
ئەعلەت بێ لە شەیتانی ، هەموو عەمەلی سەیە
موعینی داك و بابی ، سەلیم کاکی لەیلەیە
ئەوانەش گەلەك زۆرن ، کە هەشت گاسنیان هەیە
عالەم ئیحتاجی دەبێ ، دیارە قازانجی هەیە
واریداتی فەلاحی ، سازێ هەر یەك جار هەیە
بەعزەك زەکاتی ئادەن ، دەڕین خەتای ئاغەیە
خودا واجبی کردووە نوێژ و ڕۆژو شادەیە
حەج و سەرفترە و زەکات ، ئایەتی لەسەر هەیە
عالەم زۆر دەچنە حەجێ سەرف دەکەن پارەیە "
مەعزەن لەڕاهی خودایە ، تواف دەکەن کابەیە
خوا لەوانە خۆش دەبێ ، مەعلوم بەبێ شوبهەیە
پیاوی بە ئیستیقامە ، هەر ئەکاتە قوللەیە
ئەو شەیتانی لەعنەتی ، عیلمی فاسقی هەیە
بڕۆننە قەبر زاهیرە ، وەك سندوقی تازەیە
چار تەرەفی دیوارە ، سەری بەردی زلەیە
ئەو دەرمز و دورمانی ، دەگرن بە قوڕ و قایەیە
زۆر چاکی دەپەستنەوە ، لە کێ مەنفەسی هەیە
حەشر و حیسابات دەکرێ ، هەموو ئیمانمان هەیە

چاکەی بکەی لەدونیا ، قەت ناچی بەزایەیە
خێر و حەسەنات بۆچی ؟ هەموو بۆ ئەو وەختەیە
چاو ڕوییان لە هەوارە ڕۆژ لە سەری نێمەیە
عەرد و ئاسمان ئاگرە ، دەبرژێنی کەللەیە
بەگێرەی دنیایێ بی ، حارم حاری جوڕەیە
هەرچی ئەهلی شەقاوات ، وەکی مەڕە گێژەیە
هەرچی ئەهلی سەعادەت ، پردی سیرات جادەیە
یا حەزرەتی محەمەد ، ئەو پشتیوانی مەیە
هەر پاشای گەورە و ئەعزەم ، ڕوحم و عەتای زۆر هەیە
ئینشائاڵلا عەفوی دەکا ، ئەوی ئەهلی قیبلەیە
قەرەج ڕەغبەتی ئەما ، دڕا کونەدە و مەشکەیە
ئاشی ئاوی بێ عەمەل ، زەمانی مەکینەیە
ئەنجا ئیشی بە وتوع ، ئەویش میعادی هەیە
ئەمن شوانە وێرە بووم ، ئەوەندە شعورم هەیە
عالەم دەچووە شەمامکێ ، ئێورگ و چەقەری هەیە
ئاشەوانی خەروا خۆر ، مل پانی سەرگەورەیە
دیاریان بۆ دەبرد ، تووتن ، ماست و هێلکەیە
نۆبەت بریست بۆ دەکەم ، دە ڕۆژی دی وەعدەیە
کاکە گەلەك درشتە ، وەك بڕوشی کفتەیە
حەقی خۆی زیادە دەبرد ، هەر بار و کە پولەیە
بە ئاقری من حەرامە ، لێیان وەك گۆشتی سەیە
لەگڕەی تەلەکتەری ، ئیشەکی بەفایدەیە
لەبەر دەنگی دەڕاسە ، پێی دەکەن درونەیە
کاو و دان تەقیسم دەکا ، بێ سەپان و شەنەیە
گەنم ئاڕژێتە عەردی ، دەچیتە ناو فەردەیە

# دکتۆر[1]

نە عەسکەرە و نە نیزامە
پیرە دارە نەك نەمامە
پیر و ئەختیار بوویمە مامە
لەبەر چاوم کەلە لامە
ئەگەر وەنەبێ پاشامە
میوانم لە (حەی صەدام)ە
هەمووی خزم و ئامۆزامە
سەرم گەیی بەو ئەنجامە
پەنجە و قەرەمم لەسەر خامە
بۆم بنووسە ئەو بەرنامە
چاك بێ و خراپ بێ مامۆستامە
تەنیا نیمە ئەوە عامە
کەوی لە قەفەس کرامە
نە وەحشی مەبێنە دەعبامە
نە سەیدم نە مەلامە
موسلمان هەمووی برامە
ئومەتی رەسوولەڵامە
حەشرم دەکری لەشامە
قسەم راستە بەو کەلامە
راستی باشترە لە درۆ
شەوو رۆژ بوویمە کوندەبۆ
دانیشتیمە دەستە و ئەژنۆ

١- سمایلە باشە بەنیازی نەشتەرگەری (عملیات)ی چاو دەچێتە لای دکتۆر هیوا لەشاری هەولێر، دکتۆریش زۆر بەخراپی لەگەڵی هەڵسوکەوت دەکات و چاوی زۆر ئەزیەت دەدا... پارەیەکی باشیشی لێ وەردەگری، بەڵام لەئەنجامی نەشتەرگەیەکە چاوی چاك نابێتەوە بۆیە ئەم شیعرە دادەنێت.

ئەمری خوایە ناکەم ڕۆ ڕۆ
لەکنم وەکو لەرز و تایە
سەلام بێ لە مامۆستایە
بۆ پێم ئساریێ مەرحەبایە
دەکاتن شەڕ و دەعوایە
نە فرۆشتیتم مەڕ و بزنە
پەنجا و پێنج کەس لە پێش منە
هەندەك پیاوە هەندەك ژنە
هەندەك پیرە وەکو منە
هەندەك کورتیلە و خرپنە
هەندەك درێژ و مەزنە
ڕادەکشێتن وەك مردنە
دانیشتم لەسەر ئاسنە
پیاوی ئەختیار لۆ دوژمنە ؟!
ئەوە عەیبە مەیکە پیشە
لێم سپی بوو سەر و ڕیشە
قاپ و قولم وەك قەمیشە
بە من دەرێ باش دانیشە
من ئەختیارم نارێم لاوم
وەکی دەڕۆم شەل و خاوم
دیقەت بدە لە هەنگاوم
عەیبم چیە لۆ نا پیاوم
برژانگم چووتە ناو چاوم
ئەو دکتۆرە مەیلە و گێلە
چاوی کردم چەپ و خێلە
پێی ئەگوتم پیری تێلە
ئەوجا دەمکا ورچە شێلە

بەنۆبەتە وەکو ناشی
بەرێم بکە زۆر بە باشی
دوایی بکە عەمەلیاتە
لۆ خۆت وەربگرە خەراتە
ڕاکشایە لەسەر تەختی
خوا ڕوحم کا خۆو بەختی
نەو نەختیارە هوڕ و گێژە
قسەی دەکا زۆر پڕ بێژە
لە چاوی بدە سریژە
ریشم سپی‌یە وەکو کەرگی
مەمکە بە قوربانی خەرگی
هەقیقەتی بە پیاوانە
قسەی من ڕاست و ڕەوانە
سەید بی دەرینم خاروانە
نەعلەت بکە لە شەیتانە
هیچ کەیفت نی بەو ژیانە
دەرواتن کاروان کاروانە
ئەگەر شێرە ، پارەوانە
قوتی دەدا گۆڕستانە
پێم مەرێ پیرە بەرانە
تەریقەتم کەسنەزانە
قسەم ڕاستە بەو قورئانە
یاخوا یا خەلیلا و ڕەحمانە
دەردمان بکەی دەرمانە
جێی نشینم میرەکانە



هەوالنامەی کتێب

# سەعید سەلیم دۆڵەبەکرەیی

زۆر لەمێژە خولیای لەسەر نووسین و کۆکردنەوەی ژیان و بەرهەمی چەند شاعیرێکی نەناسراوی دەشتی پان و بەرینی (دزەیی)مە. کە شایستەی ئەوەن بەنەوەی ئیمڕۆو داهاتووی میللەتەکەمان بناسرێن. ئەم میللەتە ژان گرتووەش خاوەن داهێنان و سەلیقەو خۆ خەملاندنە، هەر ناوچەیەك بگرە با لەوپەڕی دووریش بێت لەشارستانیەت و خوێندەواری مرۆی وای لێهەڵکەوتووە ئەگەر بهاتایە تیشکی خۆری شارستانیەت کەمێك بەلای ئەماندا لار ببوایە ئەوا هیچ کەمتر نەبوون لەمیللەتانی تر، بەڵام چی دەکەی گەلێکی نەخوێندەوارو پابەندی سیستەمی دەرەبەگایەتی هەر ئەوەندەی لەبار دایەو دیاری بەفریش هەر هەڵەکۆکە. دەشتی بەپیت و بەرەکەتی (دزەیی) نموونەی مشتێکە لەخەرواریکدا کە لانکەی چەندان شۆڕە سواری نەناسراوی سەردەمی ڕابردوو بووە لەمەیدانی ئەدەب و هونەردا. نموونەی ئەوانە سمایلە باشەو سەعید سەلیم دۆڵەبەکرەیی‌و تەها مامەرو سەعید باداوەیی‌و دەیان سەربازی نەناسراوی تر لەگەڵ کاروانی مەرگ بەشی هەرە زۆری بەرهەمەکانیشیان بونەتە سەر قافلەی ئەم کاروانە بەسام و ترسناکە. لەبیرەوەری تێپەڕبوونی (٣٩)[١] ساڵ بەسەر کۆچ کردنی شاعیری میللی نەناسراو (سەعید سەلیم دۆڵەبەکرەیی) ئەم چەند دێرە دەکەمە دیاری بۆ ئەمەك و وەفاداری گیانی شاعیرو دەروازەیەکیش بۆ ناسینی بەخوێنەرانی هێژا.

(سەعید سەلیم) شاعیرێکی میللی بەسەلیقەو خاوەن زەوقێکی کەم وێنە بووە، مرۆیەکی چەوساوەی ژێر ڕکێفی جەورو ستەم و بێگاری ئاغا بووە. دەربەدەری‌و ئەم گوندو ئەو گوند کردن و باری هەژاری خێزانەکەی ئەم ڕاستیانەی سەرەوەمان بۆ دەسەلمێنن. ئەوەی شایانی باس و تێڕامانە هەتا ئێستا هیچی لەسەر نەنووسراوە[٢] بێجگە لەووتارێك لەگۆڤاری (هەتاو)[٣]!! لەناقارێکی تەسکی جوگرافی بەوڵاوە کەسی تر نایناسی‌و ئەوەی دەشیناسێ هەموو پیرو پەککەوتەو بەساڵاچوو نەخوێندەوارن.

هەواڵنامەی کتێب

# کورتەی ژیانی شاعیر

ناوی (سەعید)ی کوڕی (سەلیم)ی کوڕی (سەعدون)ە لەساڵی (١٨٧٧) لەگوندی (میرەکانی شێخان)[4] لەدایك بووە. دایکی ناوی (لەیلا ئەحمەد)ە.

باوکی شاعیر نیشتەجێی گوندی (باوەقوب)[5] بووەو دوایی کۆچ و کۆچباریان تێك ناوەو بەرەو دەشتە بەفەڕەکەی هەولێر کەوتوونەتە ڕێو تا لەگوندی (میرەکان) گیرساونەتەوە. ژیانی شاعیر لەم گوندە دەست پێ دەکات و پاش ماوەیەك لەگەڵ خێزانەکەیان ئەم گوندەش جێ دەهێڵن و سەری خۆیان بەرەو گوندی (کانی بزرە)[6] هەڵدەگرن و هەر لەوێش ژن دەهێنێ‌و چوار کچ و کوڕێکی دەبێت، کە تائێستاش کچەکانی‌و کوڕەکەی لەژیاندا ماون. شاعیر لەبەر کەم دەرامەتی‌و هەژاری هەر ئەم گوندو ئەو گوند دەکات و هەشت ساڵ لەگوندی (گۆمەگڕو)[7] و حەوت ساڵ لەگوندی (چەلتوك)ی ناوچەی قەراج و نزیکەی سێ ساڵێك لەگوندی (دۆڵەبەکرە)[8] و پاشان دەچێتە گوندی (پۆڕیجە)[9] و تا لەمانگی تشرینی دووەمی ساڵی (١٩٦١) مەرگ مەودای ژیانی ناداو بەنامرادی سەر دەنێتەوەو لەگۆڕستانی (پۆڕیجە) بەخاکی دەسپێرن. (مام سەعید) پیاوێکی نەخوێندەوارو قسە خۆش بووە، هەموو دەمێك ماڵەکەی جمەی هاتووە لەکۆمەڵی لاوان. مرۆیەکی چاو گەورەو گەنم ڕەنگ و دەستە زەلام بووە. لەتەمەنی لاویداو پێش ژن هێنانی خولیای هۆنراوە دانانی دەکەوێتە سەرو ئەم عەشقە ئۆقرەی لێ هەڵدەگرێ‌و خەوو خۆراکی دەبێتە عەشقە شیعر. دەگێڕنەوە، دەڵێن: (جارێکیان، شەوێك لەشەوان، لەژێر پێخەفی نوۆستنداو لەکاتی ماڵ نووستان هەر لەبەر خۆیەوە قسە دەکات، توومەز خەریکی ڕێك خستنی هەڵبەست دانان بووە، دایکی بەمە دەزانێ‌و لێی لەهەیها دەدات و دەڵێ کوڕەکەم شێت بووە، بەڵام ئەو دڵنیای دەکات کە پەك و بەڵای نیە. بەمەوە لەخەڵکەوە ئاشکرا دەبێت کە شاعیرە). لە جووت کردندا، جووتکارێکی کارامەو لێزان بووە!! لەدروێنەدا سەپانێکی پشوو درێژو پەرێز پاکژ بووە، هیچ دەم و ئانێك ژینی ژێر دەستی قەبووڵ نەکردووەو شیعرەکانی چەکێك بوونە بۆ بەرەنگار بوونەوەی دەسەڵات دارو ئاغاو چەوسێنەران. شاعیر لەشیعرەکانیدا بایەخێکی زۆری بەنوێ بوونەوەو داهێنانی ئامێرەکانی بەرهەم هێنانی وەك دەڕاسەو تراکتۆرو ئاشی ئاگرو هۆیەکانی هاتوچۆ کردن لەشەمەندەفەرو فڕۆکەو... هتد داوە. کە ئیشی خەڵك بەگشتی‌و هی جووتکارانیان بەتایبەتی زۆر ئاسان کردووەو بەرهەمێکی زێتریش دەبەخشن و ڕێگای دووریش نزیك دەکەنەوە. هەروەها باسی جل و بەرگی کۆن و نوێ دەکات. لایەنی چەك سازیشی لەبیر نەکردووە، بەڵکو زۆر وەستایانە لەچەکی کۆن و نوێ

دەزانیو پێشمان دەڵێ کە چەکی کۆن وەکو (دەبۆو حسکەو ماهوزەر..) باویان نەماوە. خەڵکی ئێستاو ئەو عەیامە بڕنۆو دەمانچەی چوارەخۆر دەبەستن. هەروەها باسی کۆڕو گەرە لاوژەی ئێوارانی دیوەخانەکەنمان بۆ دەکات، کە چۆن شایەرو خاوەن زەوقەکان بەزم و ئاهەنگی خۆشیان لێ گێڕاوە. لەباسی جەورو ستەمی ئاغاو دەرەبەگیش دا زۆر شارەزایانە بۆ مەسەلەکان چووەو بەشێوەیەکی ڕاست و دروست باسی کردوون. ئەمەش تەواوی ئەو شیعرەیە کە دەستمان کەوتووە[١٠]، هەر هەمووشی لەسەر کێشی (٧) حەوت بڕگەیییە.

خالق هانات بەر دەبەم — یا ڕەب دوومین بەر بە تۆ
شەمس و قەمەر هەڵاتن — دنیا بوو نوێژی نیورۆ
خوا تەعامی زۆر کردن — تری و هەنار و لیمۆ
هێشتان هەر ناقایلە — ئاغا لەگەڵ مام کەوخۆ
دنیایە سەنتەنەیە — بە من باوەڕ کەن نەنگۆ
لەبەر سلك و حەریری — چیتی ناکەن لەبەر خۆ
ژن دێن و خۆ بادەدەن — بە خۆو بەگوارەی چارگۆ
چاردە خۆر هێندە زۆرە — هەندی تێدا نییە دەبۆ
عالەم چەکی فڕێدا — لەبەر تفەنگی برنۆ
مەکینە هەندە زۆرە — میسالکە بوویتە کلۆ
هەندەکیان دەڕاسەیە — گەنمی دەکا گرد و کۆ
هەندەکیان تراکتۆرن — پێیان دەبڕن ومرد و شۆ
قەتار لەسەر سکەی دێ — فەرغۆن هەتا بیست و نۆ
شرق و هۆڕی ماتۆڕیان — لێکیان دەدا هۆ بە هۆ
پایسکل خل دەبوونەوە — وەك ماکەری سەرە ڕۆ
ئەو مەکینەی پێنج گاسن — پێیان دەڵێن هیشکە ڕۆ
تەیارە لە ئاسمانێ — دەوران دەکا هات و چۆ
دار وا پەروەردە کراینە — بەندان دەڵێن سەربەخۆ
چاوەش ڕەواجیان نەما — عەزیز[١١] و حەمەد مەندۆ[١٢]
عەنتیکە هەر ڕادیۆیە — قسان دەکا گفتوگۆ
لەبەر کراشی لاستیك — نەما کراشی پەڕۆ

دۆم غارب بووینە عەتار        بنیشتی دەدەن بە جۆ
لەبەر ئاشی ئاگری        ئاشی ئاویشمان تێك چوو
قسەم هەمووی ئەسحەتە        بە من باوەڕ کەن ئەنگۆ
عالەم بوویتە فەنتازی        هەموو بووینە سەربەخۆ
مۆدەی ئەمڕۆ ئەمەیە        قومار، سینەما، تیاترۆ
شەرمەکی لەخوای ناکەن        ئارەق بوویتە ئساوو دۆ
خوا گەورەیە و بەڕەحمە        ئامان با بە پەند و پۆ
سوغرەی ئاغایان ئابڕێ        قۆنگرەو قەرات و سەکۆ
عەمباریان بوویتە کادین        سەری سەبە و چیمەنتۆ
ئاوێرم بڕێم ئاکەم        دەرێ لە گوندم بڕۆ[١٣]
ئاعیلاجم بسرادەر        دەبێ بڕێم سبەلەمتو
چاوی خۆم لێ بقوچێنم        وەك حوشتری ئاو پەمۆ
قسەی من هەمووی ڕاستە        بەبێ غیلاف و درۆ
بۆیە بەرەکەت ئەما        بیستی چار دەبا تاپۆ
حیسەی سەپانان دیارە        لەوان ئاگرێ ئایین و ئۆ
بیستی دوو زەکات شەرعی        ئەویش فەرزە لەسەرنگۆ
تێلەکێش و شەغرەکێش        ئەویش دەبەن حیسەی خۆ
شەقرچی و قاوەچیانە        لۆویش بپیوون ئەنگۆ
ئەوجا هێشتان دەمێنێ        ئایین و ئۆ و مرو مۆ
فەلاح بەجرە جرە        بۆی ئامێنێ ئان و تۆ.

(سەعید سەلیم) لەشیعری (حاجی)دا باسی خراپەو خراپەکاری ئەو کەسانەمان بۆ دەکات کە لەژێر پەردەی دینەوە درێغی ناکەن و ناسڵەمێننەوە لەخراپەکاری ئەوەتا باسی چوونە حەجی هەندێك کەسمان بۆ دەکات کە چۆن لەجیاتێ تەوبە کردن و گەڕانەوە دەست دەکەن بە فڕو فێڵ و قۆڵ بڕینی خەڵکی بەناڕەوا. کەچی هەندێکی تریان (حاجی) تەواون و پاش تەوبە کردن لەنێشی خراپە و نابەجێ لادەدەن و بەردەوام دەبن لەزیکر و خوا پەرستی:

هەندەك هەنە دەچنە حەجی[١٤]
کە هاتنەوە گەیشتنە جێ

هەواڵنامەی کتێب

چاکتر نەبن خراپتر
دەست دەکەن بەنیشی بێ جێ
کە چوون لۆ مەککە و مەدینە
چەقۆیان بەرد گیزانیان هێنا!!
سووندی دەخۆی گورگی شینە
سەد هەندەی جاران بێ دینە
هەندەکیش حاجی تەمامن
بەزیکر و فیکر و نیکرامن

هەروەها لەشیعرێکی تردا زۆر ڕاست و ڕەوان باسی بوونە دەروێشی ئەو کەسانە دەکات کە هەر بۆ ئەوەی پێی بڵێن دەروێشەو پیاوی چاکە، دەست دەدەنە تەسبێح و زیکر و تەهلیلە کردن و بەردانەوەی پرچ و ریشێکی زۆر، بەڵام لەژێر ئەم سیمایەش خۆیان لەکەمین ناوە بۆ خەڵکی سادەو ساویلکەو تەفرەیان دەدەن و ساختە بازی دەکەن.

هەندەك هەنە دەبنە دەروێش[١٥]
تاکو پێی بژێن پیاوی چاکی
پرچ و ڕدێنەکی گەورە
تەسبێح و دەست و سیواکی
هەر هێندەش لە بۆی ڕێك کەوی
جووجکەی دەخوا لەگەر داکی

لەدوا جاردا هیوادارم توانیبێتم ئەو شاعیرە میللی‌یە بەخوێنەران بناسێنم و لەدنیای نەبوون و لەبیر چوونەوە بخەمە دنیای نەمری‌و خزمەتێکی بچووکیشم گەیاندبێتە کاروانی ڕۆشنبیری‌و مێژووی ئەدەبی کوردی. دەربارەی شیعرەکانیشی پاش سەرو سۆراخ کردن هەر ئەمەندەمان دەستگیر بوو، وامان بەباش زانی کە وەك پاشکۆیەك لەگەڵ ژیان و شیعرەکانی (سمایلە باشە) چاپی بکەین، چونکە (سەعید سەلیم) وەستاو ڕێ نیشان دەرێکی لێزانی بووە هەروەك (سمایلە باش)ش لەبەشێکی زۆری شیعرەکانیدا دان بەم ڕاستی‌یەدا دەنێت.

هیوادارو ئومێد خوازین لەدوا ڕۆژدا، ئەگەر شیعری (سەعید سەلیم)مان دەستگیر بوو، ئەوا سەربەخۆ چاپی بکەین.

هەواڵنامەی کتێب

## پەراوێزەکان:

سەرنج: ئەم ووتارە کاتی خۆی لەرۆژنامەی (هاوکاری) ژمارە (٩٤٩)ی ١٩٨٨/٢/١٥، لاپەڕە (٦) بڵاوم کردۆتەوە. حاڵی حازر هیچ جیاوازیەکی نییە لەگەڵ ئەوەی هاوکاری تەنها کەمێك ووردە دەستکاریم کردووە بێ ئەوەی کار بکاتە سەر ناوەرۆکەکەی.

(١) ئەو کاتی ئەم ووتارە بڵاو بووەوە (٢٦) ساڵ بوو شاعیر کۆچی دوایی کردبوو.

(٢) کاکی بەڕێز (سەعدوڵلا شێخانی) لەکتێبی (چیرۆك و بەیتی لاس و خەزاڵ و زەمبیل فرۆش دا دەڵێ:

(کە کۆچی دوایی کرد تەمەنی "٩٥" ساڵان بوو. ل١٠٢). بەڵام لەڕاستیدا کاتێ کە کۆچی دوایی کرد تەمەنی (٨٤) ساڵ بوو. بۆ ئەم مەبەستەش، ئێمە پشتمان بەزانیاری بنەماڵەکەیان و (دائرة الأحوال المدنية- اربيل- عينكاوه) بەستووە.

(٣) تا ئێستاکە بەس لەگۆڤاری (هەتاو) شتێکی لەسەر نووسراوە. هەوڵێکی زۆرمان دا، ئەو ژمارەیەمان دەست کەوێ، بەڵام بەداخەوە پاش سەیر کردنی بەشێکی زۆری (هەتاو) ئەم ژمارەیەمان دەست نەکەوت، بۆیە دەست نیشانی ژمارەکەمان نەکرد.

(٤) گوندێکە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی ناحیەی قوشتەپە.

(٥) گوندێکە لەپارێزگای هەولێرو سەر بەناحیەی (شۆڕش)ە.

(٦)و (٧)و (٨)و (٩) هەر هەموویان گوندن و لەپارێزگای هەولێرن و سەر بەناحیەی (قوشتەپە)ن.

(١٠) ئەم شیعرە لە(حاجی عەبدوڵڵا یاسین تەتراوەیی) وەرگرتووە. تەمەنی (٦٨) ساڵ دەبێ و نەخوێندەوارە. ئێستاکە لەهەولێر نیشتەجێیە.

(١١)و (١٢) دوو لاوك بێژی ئەو سەردەم بوون و هاوڕێی کاوێس ئاغاو عەلی پاڵانی بوون.

(١٣) جاران ئەگەر جووتکارێك لەگوێ حەمەدی ئاغا نەبووایە یەکسەر بێ سێ و دوو لەگوندی دەردەکرا.

(١٤)و (١٥) ئەم دوو شیعرەم لەماموستا (مەلا ئەنوەر عەبدوڵلا گۆمەگرویی) وەرگرتووە. تەمەنی (٦٧) ساڵەو ماموستای سەرەتاییە لەشاری هەولێر.

# فەرهەنگۆك

( ئـ )

ئامازە: ئیشارە، دەست نیشان.
ئاسار: (آثار)، شوێنەوار.
ئاغرەب: ئاغلەب، زۆربە.
ئەموار: لەبار.
ئەنگۆ: ئێوە.
ئەحمەد میرەکانی: (ئەحمەد محەمەد حەسەن) خەڵکی گوندی میرەکانەو لەساڵی (١٩٣١) لەدایك بووە، لەرێکەوتی ١٩٩٢/٤/١٢ کۆچی دوایی کردووە.
ئیسماعیل کوڕی ئاجەرە: مەبەست لەحەزرەتی (ئیسماعیل ئیبراهیم خەلیل)ە.

( ب )

باو: مۆدە، عادەت.
بەرایی: پێشەکی.
بەبارو بێ بار: بەباڵ و بێ باڵ، دەوڵەمەندو فەقیر.
بەقار: بەقاڵ، ووردە واڵە فرۆش.
بەلەنگاز: هەژارو دەربەدەر.
بەعس: باس.
بەخاوە خاوە: ڕۆیشتنی بەمێواشی، نەرمە نەرمە.
بەمۆرە: قوڕ هێنانی بەچەنگی‌یە بۆ دروست کردنی دیوار.
بەردەستێ: دوو بەردی ڕەقە لەیەکتری دەدەن ئاگری لێ دەکەوێتەوە، جاران بەکاریان دەهێنا.
بوسرمان: موسڵمان.
بزگوڕ: شمەك، جل و بەرگ.
بنیادەم: بەنی ئادەم، ئادەمیزاد.
بڕوش: لەساوەر ووردترە کفتەی لێ دروست دەکرێت.

( پ )

پارەوان: پاڵەوان.
پەرت: پەرش و بلاو.
پرینگ: پڵینگ.

پیبازۆك: گوندێکەو سەر بەناحیەی (تەق تەق)ە.
پێروو: ناوی کۆمەڵێك ئەستێرەن.
پڕ بێژ: زۆرگۆ، بەو کەسە دەڵێن کە قسە زۆر دەکات.

( ت )

تارە: تاڵە.
تەرازوو: ناوی ئەستێرەیەکە.
تانۆك: دیواری دروست کراوە لەدرك و قەسەڵ.
تەحەر: زۆر جۆر، ڕەنگاو ڕەنگ.
تەخلیت: ڕەنگاو ڕەنگ.
تەرجان: گوندێکە لەناوچەی شەمامك.
تورگ: دەعبایەکە لەڕێوی بچووکترو کلکی باریکترە.
تومەز: هەڵبەت.
تولاز: گەنج، لاو.
تواف: روکنێکە لەروکنەکانی حەج حەوت جار بەدەوری کەعبەدا دەسوڕێنەوە.
تویز: خڕ.
تیرەنگێو: ئەو کەسەیە کە تیر دەهاوێو نیشانە دەپێکێ.
تیلەکێش: گیشەکەر.

( ج )

جامبێزار: جۆرە چەکێکی کۆنە.
جدی: ناوی ئەستێرەیەکە.
جورە: جورە پوتە، لەکلاو کورە بچووکترە.

( چ )

چاوو زار: چاو پیسی.
چەپرەك: بێ کەلك.
چەلتوك: گوندێکە لەناوچەی کەندیناوەیەر سەر بەناحیەی دیبەگەیە.
چەپەر: دەرگای دار.
چەتار: چەتاڵ، دارێکی دوولکە تفەنگی لەسەر دادەنێن بۆ نیشانە گرتن.
چاوەش: بەو کەسەیان دەگوت کە دۆڵ و زوڕنای دەکوتاو گۆرانی دەگوت.
چەمی ئاغۆڵان: چەمێکە لەگوندی ئاغوڵانی سەر بەناحیەی خەبات.

چروك: نەتەقینی تفەنگ، ناتەواو.

چنگ: دەست.

چیشتاق: هیچ کامیان.

چیت: جۆرە قوماشێکی کۆنە.

( ح )

حەفتەوانە: حەوت ئەستێرەن لەئاسماندا پێکەوە دەردەکەون.

حەمەدی ڕەمەزان: برازاو زاوای سمایلە باشەیە.

حەمەدەمین چەتۆ: خەڵکی گوندی دۆڵەبەکرە بوو، دەوڵەمەندێکی ئەو سەردەم بوو.

حەی سەدام: ناوی گەڕەکێکە لەشاری هەولێر، ئێستاکە بوویتە گەڕەکی (کوردستان).

حەجەرول ئەسوەد: ئەو بەردە ڕەشەیە کە بەبەیتیێ وەیە.

حسکە: جۆرە تفەنگێکی کۆنە.

حوسێن و حەسەن: هەردوو کوڕەکەی ئیمامی عەلیە.

( خ )

خار: خاڵ.

خاس: هەموو.

خەروا خۆر: ئەو ئەستورکەیە کە تەواو ئەبرژاوە. جاران دەیاندایە سەگ، بەلام سمایلە باشە مەبەستی لەجۆرە ئەستورکێکە کە جاران لەناو ئاسیاوە ئاوییەکان دا دروست دەکراو لەسەر بەرد دەبرژا.

خەلیلاو ڕەحمان: خەلیل ئاوڕەحمان، گۆڕی پیاو چاکێکە دەکەوێتە نێوان گوندەکانی میرەکان و گۆمەگروو دوشیوانی سەر بەناحیەی قوشتەپە، خەڵك بۆ چاك بوونەوە لەنەخۆشیو مراز خواستن دەچنە سەری.

خرابوو: تێك چوو.

خومار: ڕوون.

خورین: تامەزرۆ.

خویزە: پیاوی ئاغا.

خین: خوێن.

خیفە: مزگەوتێکە لەشاری مەککە.

( د )

داغان: پەرت و بڵاو.

هەواڵنامەی کتێب

داراش: دالاش، باڵندەیەکی گۆشت خۆرە.
دەروازە: دەرگا.
دەعبا: دڕندە.
دەراو: شوێنێکە ئاوی لێ دەربووبێ.
دەوار: ڕەشە ووڵاخ.
دەبۆ: جۆرە چەکێکی کۆنە.
دەولك: ئامێرێکە ئاوی پێ لەبیری دەردەهێنن.
دەلو: بێ عەقل و کەمزان، شێت (ووشەیەکی تورکی‌یە).
دەمەقاڵێ: شەڕە قسە.
دوکەڵە: گوندێکی سەر بەناحیەی قوشەپەیە.
دێمەکار: زەوی ووشلە.
دێدەوان: چیایەکە لەباشووری ڕۆژهەڵاتی هەولێر.

## ( ر )

ڕەعد: بروسکە.
ڕەچاو: چاوەڕوان.
ڕەوزە: مەرقەدی پێغەمبەرە(د.خ).
ڕدێن: ڕیش.
ڕیایی: خراپەکاری، کارێکە بۆ خۆ دەرهێنان ئەنجامی دەدەی بۆ ناوبانگ دەرکردن.
ڕەفتەبار: یارمەتی، دەست گیرۆیی.

## ( ز )

زایە: زایەع: بەلاش.
زەین: بیر، هزر.
زێتر: زیاتر.
زی روح: (ذي روح) گیانلەبەر.

## ( س )

ساچمە: جۆرە چەکێکی ڕاو کردنە ، قورمە.
سەرپارە: سەپانێکە کە دەمڕاستی هەموو سەپانەکانی ترە.
سەرگین: تەپاڵە، پاشماوەی مانگا.
سۆرەدارە: جۆرە باڵندەیەکە.

هەواڵنامەی کتێب

سەنایع: پیشەکار.
سەفاو مەروا: دوو شوێنە، دەبێ حاجی حەوت جار بەشێوەی گورگە لۆقە پیایدا بێ‌و بچێت.
سەعاتی چارمە: جۆرە سەعاتێکی کۆنە، تەنها لەماڵەوە دادەنرێت.
سەر ڕەشی مل شین: (سمایلە باشە) بە(فەرهاد ئەحمەد میرەکانی) دەگوت سەر ڕەشی مل شین، چونکە ئەو کات بەدار لاستیك خەریکی قڕ تێ خستنی کۆترەکانی شاعیر بوو.
سواندوکە: پاساری.
سۆنە: مراوی.

## ( ش )

شازادە: نەوەی شا.
شەمامك: ناوچەیەکە لەدەشتی هەولێر.
شەغرە: ئامێرێکی لەدار دروست کراوە بۆ قرشە هێنانەوە بەکار دێت.
شەقرچی: ئەو کەسەیە کە خەرمان (ڕەوسە) شەقر دەکات، هەتاوەکو ئەگەر خەرمانەکە دزرا، دیار بێت.
شەش خان: ناوی چەکێکی کۆنە.
شمشار: شمشاڵ.
شوانە وێرە: ئەو کەسەیە کە (شوان)ی دەکات، زۆر جارانیش بەکەسێك دەوترێت کە هیچ نەزانێت.
شۆ: زەوییەکە کە یەك جار کێڵدرا بێ.
شێخ ڕەزا: مەبەست لە شێخ ڕەزای شاعیرە.

## ( ع )

عەرد: زەوی.
عەرەفە: ئەو کێوەیە کە پێویستە حاجی شەوی عەرەفە لێی بمێننەوە.
عەبدوڵلا ئیسماعیل: ناوی (عەبدوڵلا سمایل حوسێن)ەو لەگوندی میرەکان لەدایك بووە، مامۆستایەو لەهەولێر نیشتەجێیە.

## ( غ )

غەوسی بەغدا: مەبەست لەشێخ عەبدولقادری گەیلانییە.

## ( ف )

فرێزی و عەدنان: مەبەست لە هەردوو پاڵەوان (جۆن فرێزی و عەدنان قەیسی)یە.

فەیسەڵی سانی: مەبەست لەمەلیك فەیسەڵی دووەمە.

## ( ق )

قافره: قافڵه: کاروان.

قاپ: قوله پێ.

قەتار بە قەتار: ڕیزە بە ڕیزە.

قەبرستان: گۆڕستان.

قەلانی: ڕەش، وەك باڵندەی قەل.

قەمتەره: دەرگای داڵان.

قوپو قایە: قوپو گەچ.

## ( ك )

هەواڵنامەی کتێب

کەساد: پیر و پەككەوته.

کەپووله: جۆرە پێوانەکەیە لەچەشنی (ڕوبە).

کەمەند: گوریس یان زنجیرێکی درێژە ئەم سەر و ئەو سەرەکەی بەسنگێکەوە ئەبەستریٚ، ئینجا بەڕێزە وولاخی پێوە ئەبەسترێتەوە، (فەرهەنگی خاڵ، جزمی سێهەم، ل١٤٥).

کەرك: باڵندەیەکی سپی‌یە وەك حاجی لەق لەق.

کەوی سار: ئەو مەڕەیە کە دەم و چاو یاخود خوریەکەی سپی‌و شین بێت.

کەندار زیندان: کەنداڵ زیندان، کەندەلانێکی ڕکی سۆرکە، لەگوندی میرەکانە.

کەلەلام: هیلاك، ماندوو.

کوندە بۆ: بۆ، جۆرە تەیرێکی گۆشت خۆرە.

کوندە: لەپێستەی بزن دروست دەکرێت، بۆ ئاو خواردنەوە بەکار دێت.

کودیلە بەسەر: سەر کودیلە، سەر تراشا.

کۆرمگە: کۆڵەگە، ئەستوون.

## ( گ )

گاورکار: ئاینی مەسیحی، بەو کەسە دەگوترێت کە لەسەر ئەم ئاینەیە.

گەلاوێژ: ئەستێرەیەکە لەسەرەتای مانگی ئاب سەر لەبەیانیان هەڵدێ ئەو کاتە شەو بەرەو ساردی دەڕوات.

گەڕە لاوژە: گۆرانی گوتنی بەنۆرەیە.
گۆتیار: ئەو کەسەیە کە قسە دەکات.
گۆلك: گوێرەکە.
گورگە لۆقە: نەرمە غار.
گورگی سۆتەنی: گورگێکی برسی چاو بەخوێنە.

( ل )

لیس: ئەو هێلانەیە کە کۆتر پووش لێ دادەنێت و تێیدا دەژی.
لارێشمە: ئەو گوریسەیە کە وولآخی پێ دەبەستنەوە.

( م )

ماهو زەڕ: جۆرە چەکێکی کۆنە.
مام کەوخۆ: مام کێخوا.
مەیسەر: مسۆگەر.
مەحشەر: ڕۆژی قیامەت، گۆڕەپانێکی پان و پۆڕە، ڕۆژی قیامەت حەق و حیسابی لێ دەکرێ.
مەیت: لاشە، مردوو.
مەشکە: لەپێستی مەڕ دروست دەکرێت بۆ دانەوێڵە هەڵگرتن بەکار دێت.
میناو مزدەلیفە: دوو مزگەوتن بەناوی شوێنەکەیان ناونراون.

( ن )

نەزیف: پاك.
نەعرەتە: دەنگی بەرزو گەورە.
نۆبەتدار: کەسێکە کە نۆبەت بگری.

(و)

وەرد: ئەو زەوییەیە کە دوو جار کێڵدرا بێ.
ورچە شێلە: شێلانی بەهێزو ناڕێك.

( ه )

هەرە سوور: زۆرگۆ، سورتك.
هەوسار: سەر کەللەی وولآخ.
هیشکەڕو: ئەو وولآخەیە کە هێواش دەڕوات، پێچەوانەکەی ڕەوانە، شاعیر لەم شوێنەدا بەهەڵە بەکاری هێناوە.

# بەرهەمە چاپکراوەکانی ئیسماعیل تەنیا

١- پەردەی شەرم، شیعر، سلێمانی، ١٩٨٢.

٢- کەلەشێری سپی و کەلەشێری ڕەش، چیرۆك بۆ منداڵان، وەرگێڕان لەعەرەبییەوە، بەغدا، ١٩٨٨.


٣- تەکان، شیعر، بەغدا، ١٩٩٠.


٤- ڕۆڵی ئەدەب لەشۆڕش و گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکاندا، هەولێر، ١٩٩٠، بەناوی (ب. دەوەن) بڵاو کراوەتەوە.

٥- بیبلۆگرافیای ڕۆژنامەگەریی کوردی ١٩٧٥ - ١٩٩٣، هەولێر، ١٩٩٨.


٦- کاردۆ گەڵاڵی نووسەرو پارێزەرو سیاسەتمەدار، هەولێر، ١٩٩٨.










# Ein Tor zur Erkennung des Dichters Smaila Basche

Dieses Buch handelt von dem Leben des grossen Kurdischen Dichters Smaile Basche, und um eine Reihe seiner noch nicht veroffentlichten Gedichte, die er in verschiedenen Epochen verfasst hatte.

Der Dichter wurde im Jahr 1907 im sudlichen Kurdistan, in der Provinz Erbil im Dorf Mirakan gedoren. Der grosste Teil seines Lebens verbrachte er der Einsamkeit, und er war Analphabet. Er liebte die Welt des Vogels. Daher beherbergte er im Laufe seines Lebens mehr als 3-4 tausend Tauben.

Am 21/4/1987 zerstorte das saddam Husseinsregime, wie zahlreiche andere Dorfer irakisch Kurdistans auch des Dorf Mirakan. Deswegen wurden die Tauben des Dichters zerstreut und verloren damit lher Netze.

Dichter smaila Basche zieht in Folge dessen in die Provinzstadt Erbil. Am 1/2/1992 in Folge der Zerstorung seines Dorfes und das vertieren seiner Tauben, nimmt er Abschied vom Leben Er stirbt. Aufgrund seines Testaments wurde er in seinem Dorf beerdigt.

Ismall Tanya
dezember 2000

# ناوەڕۆك


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| بەرایی | ٣ |
| کورتەی ژیانی (سمایلە باشە) | ٥ |
| کۆترو کوندەبۆ | ٩ |
| چوون بۆ حەج | ١٢ |
| بۆیەی کەندار زیندان | ١٥ |
| هانا | ١٦ |
| سەر ڕەشی مل شین | ٢٠ |
| داهێنان لەدێدەوان | ٢٣ |
| لەبەر حوکمی دەبابە | ٢٥ |
| بەشەر هەندە بێ هۆشی | ٢٧ |
| سەعید سەلیم دۆڵەبەکرەیی | ٣٣ |
| فەرهەنگۆك | ٣٩ |
| بەرهەمە چاپکراوەکانی ئیسماعیل تەنیا | ٤٦ |
| خستنە ڕووی ئەم کتێبە بەزمانی ئەڵمانی | ٤٧ |
| ناوەڕۆك | ٤٨ |


هەواڵنامەی کتێب

# DERWAZEYEK BO NASÎNY (SIMAYL BAŞE)y ŞAHÎR

هەواڵنامەی کتێب

ÎSMAIL TENYA

KURDISTAN - HEWLÊR